www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:33 28-11-2007

**هەواڵ: توانا عوسمان سەرنوسەری پێشووتری هاولاتی چۆ بەردەم دادوە ر و کۆمەڵێک پاسەوانی بەرێز (نەوشیروان مستەفا) ی لەگەڵ دا بوون... کارزان کامیل**

ئەمرۆ2007/11/28 تواناعوسمان سەرنوسەری پێشوتری هاولاتی لەبەردەم دادوەر ئامادە بوو لە شاری کفری، کە پێشوتر دادوەری گشتی لە دادگای هەمان شار سکالایەکی دژی ناوبراو تۆمار کردبوو، جێی سەرسوڕمانە کە بەیانی ئەمرۆ توانا عوسمان بە ئۆتۆمبیلەکانی بەرێز نەوشیروان مستەفا و بە یاوەری پاسەوانە تایبەتەکانی ناوبراو گەیشتە شاری کفری و لە مەڵبەندی ڕێکخستنی کفریدا پێشوازی لێکرا و دووای پشودانێکی کورت توانا بە یاوەری پاسەوانەکان و هەندێك لە کادرانی ئەو مەڵبەندە بەرەو دادگا بەرێ کەوت.

ئەمەی سەرەوە ڕاستی ئەو هەواڵەیە کە ئەمرۆ توانا بەم شێوەیە چۆتە بەردەمی دادگا لەکاتێکدا هەم خۆی سالانێك بەناوی دەرخستنی گەندەڵی کاری کردووە و هەم ئێستاش کە لەژێر چەتری بەرێز نەوشیروان مستەفادا و بە ئۆتۆمبیل و پاسەوانەکانی ناوبراو بەم شێوەیە دەچێتە بەردەمی دادگا ئاخۆ مەبەست لە بردنی ئەم هەموو هێزە چی بێ و بۆچی لە مەڵبەند پێشوازی لێکراوە؟؟؟؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.